عەبدولناسرئەحمەدی

abdolnaser_ahmadi@yahoo.com



چمە

شا یەد دیسان

عاشق ببمەوە...

لەمێژە

شێعرم نەنووسیوە

ئەمەوێ شێعرێك

تاڵترلەچایەكانی دایكم بنوسم.

لەم هەوای گورگ و مێیەدا

چاوە ڕووانی

شەوەكێەكی شەگـەت و شامی و شاروو شێعردەكەم.

دەستم دەكەم بە

تەختەسیای بیرم و

بەپێنووسە ڕەشەكەم هەر

مورەبەع

دەكێشم

مورەبەع

مورەبەع

مورەبەع.

لە مێشكیشمدا

خەتی ئینترنت و نەسخ و خواوو خورماوو خۆرە تاو دەكێشم.

(دایە

ناچم بۆ داڵاهو

كوێریش ناكەم باوانی تو).1

ناچم بۆ

شاهۆو

ئارباباو

پەڕواوو

**پەپوولە**

**هەرلەم**

**چرخان و**

**ترافیك و**

**ئاژیلەدا**

**(.)**

**دوایین وێستگەیە**

**دابەزین.**